# تەنها بەها پیرۆزە نەتەوەییەکان مابوون.......

دلێرجەلال باداوە

تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو پەیڤە قێزەونانەو گۆرانی و هەڵبەست و هۆزان و هەلی کسە یەی که لە پێش دیکتاتۆرەکەی عۆجە ئەکران و بە باڵای هەڵدەووتران، لە ناو گوێ و بەرچاوی خەڵکی کوردستان ماوەو دەزرنگێتەوە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریش مانەوە ی کاریگەرییەتی ئەو سیاسەت و کەلتورە نامرۆڤانەو داگیرکەرانە، لەسەر تەواوی خەڵکی کوردستان، بەتایبەتیش حیزبە کوردییەکان. کە بەداخەوە ئەمڕۆ زۆر کار و کردەوە دەکرێت و ئەنجامدەدرێت لەکوردستان هەمان کارو کردەوەو لاسایی کردنەوەی دیکتاتۆرەکەی عۆجەو ڕژێمەکەیەتی. ئێستا دوای ڕوخان و نەمانی سەدامیش، دەسەڵاتی کوردی و تەواوی حیزبەکانی تریش بێ توانان لە خۆ ڕزگار کردن لە بەر دەم ئەو مۆرک و دیاردە نێگەتیڤانە کە میراتی قۆناخی دیکتاتۆریەتە.سەدامی دیکتاتۆر هەر لە و ساتەی دەسەڵاتی کەوتە دەست، ئیتر( گەلانی عیراق و عیراقی لە خۆیەوە ئەبینی،نەوەک خۆی لە گەلانی عیراق و عیراقدا ببینێتەوە).ئەمەش یەکێکە لە سیفەتە هەرە بنچینەییەکانی دیکتاتۆرەکان بە درێژایی مێژوو.لە سەر دەمی حوکمڕانی سەدامدا، بە زۆر دەبوایە خەڵک سەدامیان خۆش بوێت، کە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ خەڵک لە هەر شوێنێک دروستکرابووایە ئەوا هەر لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژەکە، ڕاگەیاندن بە کامێراوە ئامادە بوو، دە کەوتە لێسەندنی بە زۆری ڕای هاووڵاتیان، جا هاوڵاتی لە سەری بوو وە دە بووایە بڵێ زۆر زۆر سوپاسی سەرۆکی قوماندار دەکەین و ئەمە دیارییەکە ،کە لە سایەی سەرۆکی قوماندارو شۆڕش پێمان بەخشراوە خوای گەورە بیپارێزێ.لە کوردستانیش بەهان شێوە گەر ئاوەڕۆی گەڕەکێک چاک بکرێت یا کۆڵانێک قیرتاو بکرێت یا شەقامێک دروست بکرێت یا خوانەخواستە کەسێکی بێ لایەن دابمەزرێنن.ئەوا ڕاگەیاندن بە کامێراوە بەر بەرۆکی خەڵکی کورەدستان دەگرێت و ڕای لێ ئەستێنێ لەسەر پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان،ئەم خەڵکەش ترشی بێ یا تاڵی ئەبێ بڵێ لە سایەی سەری ڕێزدار فلان، سەرۆکی کابینەی ژمارە ئە وەندە سوپاسی ئەکەین.....تد.بەمەش ناوە ستن لە سەیرانگاکانیش هەمان کامێراو ڕاگەیاندن بەر بەرۆکی خەڵک ئەگرن ،هاوڵاتی ڕات چیە لەسەر ئەم بەهارە ،کە لە سەیرانیت؟وەڵامی هاوڵاتیش ، ئەمەیە ..وەڵاهی بەهارێکی خۆشە لە سایەی سەری هەمان ڕێزدار، سەرۆکی کابینەی حکومەتی ژمارە ئەوەندە. سەدام لە سەردەمی خۆیدا ببوو بە ئەندیازاری و دانەرو بیناکەری هەر هەموو شتێک، تا هەستی نەتەوایەتی و بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبیشی بۆ مەرامو ویستەکانی خۆی بەکار دەهێنا ،وێنە ناشرینەکانی کەس بۆی نەبو هەڵیان نەواسێ پەیکەرە نامۆکانی تەواوی کونچ وکەلەبەرەکانی شارەکانیان گرتبووەوە.ووتە بێ ماناکانی سەدام دەبوایە شیبکرێنەوەو،لەسەر فکری سەدامیش بنووسن،فلمی لەسەر خۆی دەرهێنا، وە کاتی پەخشی لە هۆڵی سینەماکاندا هاوڵاتیان بە زۆر دەبووایە بچن بۆ بینینی.....تد. کەچی ئەمڕۆ لە کوردستانیش ئەم شتانە لاساییان ئەکرێتەوە! .هەروەک لەسەرەوەش باسمکرد سەدام گەلی عیراق و عیراقی لە خۆیدا دەبینی، وە هیچ شتێک پیرۆز نەبوو لە ئاست بەرژەوەندیەکان و مەرامەکانی خۆی و حیزبەکەی و ڕژێمەکەی.....تا بەم ئاکامەی گەیاند

كه بينيمان.ئەمه ماوەيەكيشه له كوردستان و دەرەوەی كوردستان،به بەرنامەو هاوپشتی ڕاگەياندنی پارتی و،له سەر تۆڕی ئەنتەرنێت و، كردنەوەی ژووری تايبەت له پاڵتۆڵكدا به دەيان شلۆڤاكاری سياسی و فكری پەيدا بووه له سەر لێدوانەكەی سەرۆكی هەرێم لەگەڵ كەناڵی( العربية) دەستيان داوەته شلۆڤه كردن بۆ قسه هەڕەشه ئامێزەكانی سەرۆكی هەرێم له توركيا.قسەكانی سەرۆكی هەرێميان خستوەته ناو قاڵبێكی وا نابابەتيانه وەكو ئەمه وابێ كه، به درێژايی مێژووی خەبات و تێكۆشانی گەلەكەمان تا ئێستا هيچ كەسێک وا بەم شێوەيەی كاک مەسعود بەرەنگاری دوژمنانی كورد نەبووبێتەوە.بەشێوەيەک باس و گفتوگۆ و نوسين لەسەر قسەكانی سەرۆكی هەرێم دەكەن...كه پياو گۆێيان لێدەگرێت و دەيانخوێنێتەوە ،وا هەستده كات كەوا مێژووی شۆڕش و كوردايەتی،لەو كاتەدا دەستيپێكردوە كه كاک مەسعود بووە بەسەرۆكی هەرێم!!!.وە بەدووريشی ناگرم ماوەيەكی تر لێدوانەكەی كاک مەسعود بكەن به بابەتێكی گەورەی فكری و چەند پەڕتوكيشی لەسەر دەركەن.ئەمڕۆ نەوەک هەر ئێمەی كورد،بەڵكو تەواوی دونياش،وە به تايبەتيش توركياو ئێران وعيراق و سوريا زۆر چاک ئەزانن گەر ئەمريكا نەبووايه ئەمەی كه ئێستا وا بەدەست هاتووه ، وابه ئاسانی مومكين نەبوو.. ئەوە به مانای ئەوە نييه كه شۆڕش و قوربانييەكانی گەلەكەمان بێ ئاكام دەبوو هەرگيز،بەڵام گەر هەر ئێمەی كورد بووباينه بەتەنها له ماوەيەكی وا كەمدا ئەم هەموو دەسكەوتانەمان دەسنەئەكەوت،بگره به پەنجا ساڵی تريش ئەو بەرنامە(حوكمی زاتييه ڕاستەقينەی)كه پارتی تيايا گيری خواردبوو وە دی نەدەهات. توركيا بۆی نيه به هيچ شێوەيەک نه له ئێستا وە نەله داهاتووشدا هيچ جۆره كارێكی سەربازی دژ به پارتی كرێكارانی كوردستان ئەنجام بدات گەر ئەمريكا ڕەزامەند نەبێت له سەری..لەشكركێشی بۆ ناو سنووری عيراق له لايەن وولاتە ئيقليمييەكان هێڵی سووره له لايەن ئەمريكا به تايبەتيش بۆ توركيا لەم كاتەدا،پاشان توركيا به هەر كارێكی لەشكركێشی بۆ كوردستان، خۆی تووشی سەدان تەنگژه و پاڵه پەستۆی سياسی دەكات لەبەرامبەر وولاتانی دونيا وەبه تايبەتيش يەكييەتی ئۆروپا....كه بۆ توركيا ئاسان نيه لەم كاتەدا.وە دوا شتيش كه ئەمەوێ بيڵێم : ئەمريكييەكان زۆر ڕاشكاوانه دەڵێن گەر هاتوو له عيراقيش پاشەكشەمان كرد،ئەوا هێزێكی تايبەت بۆ پارێزگاريكردنی كورد له كوردستان ئەهێلينەوە، ديموكراتەكانی ئەمريكاش به هەمان شێوە پاڵپشتی و پاراستنی خۆيان بۆ گەلی كورد دەيان جار دووپاتكردۆتەوە..پاراستنی كوردو يارمەتيدانی بەشێكه له ستراتيژيەت و بەرژەوەندی نەتەوايەتی ئەمريكا له ناوچەكە... هەروەها حيزبه كورديەكانيش بۆيان نيه به هيچ شێوەيەک جارێكی تر شەڕی ناوەخۆ بكەن و لەشكركێشی وولاتانی دەوروبەريش بكەنه سەر يەكتر.ئەمه ڕاستييەكه تەنها خەڵكی گەمژە نايبينێ و نايەوێت تێی بگات. گەر واش نەبوايه ئەوا دە مێک بوو سووپای توركيا بەهاوكارييەوە تەڕاتێنی له كوردستاندا ئەكرد هەرەوەک جاران..بەڵگەشم بۆ ئەم قسەيه پاشماوەی سووپاكەی توركيايه له ناوچەكانی بادينان..هەموومان ئەزانين كەی وە بۆچی هاتن،بەڵام كەسمان نازانين كەی دەرئەچن له كوردستان.وە من دڵنيام لەوەی گەر هاتباو جەنابی سەرۆكی هەرێم و ڕاوێژكارەكانی بيانزانييايه وە دڵنيابووان لەوەی كه توركيا هەڕەشەكانی خۆی به تاكه سەربازێكيش پێ جێبەجێ ئەكرێت ئەوا هەرگيز بيريان لەم جۆره قسانه نه ئەكردەوە.كەواته ئەمه چی بوو لەم كاتەدا؟هەموو مان ئەزانين كه ئێستا توركيا چەندين كێشەو قەيرانی سياسی ناوەكی ودەرەكی هەيه،وە ئێستا له

توركيا وەرزی هەڵبژاردنە،تەواوی حیزبە سیاسیەکان ، لەگەڵ داموودەزگا سەربازییەکە هەرچی کەش و فش و باو بژی هەیانە لەم وەرزەی هەڵبژاردنەدا هەڵیئەڕێژن و بەتاڵی ئەکەن.لەسەروشیانەوە کێشە هەردەم نوێیە کۆنەکەیە ..کە ئەویش کێشەی کوردە..هەرچەندە تورکەکان چاکیش ئەزانن کە ناتوانن دەست لە کورد بدەن وە بۆشیان ئاشکرایە کە ئەمریکا قەت ڕێگەیان پێنادا.کەواتە لێرەدا هەلێکی لەبارە بێ نرخ و بێ باجە بۆ سەرۆکی هەرێم و پارتی بە هەڵوێستێک ،لەجۆرێکی سەیردا لە بەرامبەر مام جەلال و یەکییەتی چەند خاڵێک تۆمار بکەن بۆ خۆیان . بە وە ش وا نیشانی خەڵکی بدەن گوایە کەس نییە لە بارزانی و پارتی کورد تر بێت.هەرواشیانکرد قسەکانی سەرۆکی هەرێمیان بەرامبەر بە تورکیا کردە قارەمانی و بەرەنگار بوونەوە، و دە مشکاندنی تورکیاو سەرکەوتن!!وە مام جەلالیش لە کاتێکدا، کە سەرۆکی عیراقی فیدراڵە قسەکانیان وا لێکرد گوایە ئەمەی مام جەلال ووتی ئەمە چۆکدادانە و ملکەچییە بۆ تورکەکان، ئەمە وێرای خیانەت و سەدان ووشەی ناشرین تریان دایە پاڵ بەڕێز مام جەلال. ئەمە کاکڵی مەسەلەکەیە بە ڕای من...کە بەداخەوە پارتی بە مەش سنووری هەر هەموو بەها پیرۆزە نەتەوەییەکانی تێشکاندو خستییە ناو( گەمەکەی سەر مێزی ململانێیە کۆن و نەزۆکەکەی نێوانی خۆی و یەکییەتی).ئەوا بۆ 44 ساڵ دەچێت هەرچی لەدەستان هاتبێت سڵتان لێنەکردۆتەوە لە ململانێی نێوانی خۆتان ، خەڵکی کوردتان لە هەر هەموو شتێک هەراساندوە و بێ بڕوا کردووە،تەنها بەها کوردایەتی و نەتەوایتییەکە مابوو...کە ئەمە هەرە پیرۆزییەکانی بوونمانە ، وە دەتانەوێ لەوەش بمانهارسێنن و بێ نرخ و سووکیان کەن لەبەر چاومان.جالێرەدا دەپرسین بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی ئایا ئێوە خۆتان لە کوردو کوردستاندا ئەبینن؟ یا کوردو کوردستان لە خۆتاندا ئەبینن؟. گەر خۆتان لە کوردا ئەبینن،ئەوا بەڕێزت نە یەکەم سەرۆکیت وە نەدوا سەرۆکیش ئەبیت بۆ کارکردن لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان،وە شۆڕش وخەباتی گەلەکەشمان لەگەڵ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیت دەستی پێنەکردوە،بەڵکو هەر لە سەرەتای یەکەم داگیرکردنی کوردستان لە لایەن ئیسلامەوە شۆڕش و بەرخۆدانەکانی کورد دەستێ پێکردوە، وە تا ئێستاش بە هەزاران ڕۆڵەی قارەمان و سەرکردەی گەلەکەمان بونەتە قوربانی بۆ ڕزگاری و ئازادی کوردستان.بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هیچ کەسێک چ لەوانەی شەهید بوون وە چ ئەوانەی کە ماون خەبات و قوربانییەکانی خۆیان نەکردوە بە منەت لەسەر میللەتی خۆمان، خۆشیانەکردوە بە باوکی کورد ،وە هەرگیز پێشیان وانەبوە گەر ئەوان نەبن ئەوا کورد هیچ نیە. کە چی لە کاتێکدا ئەوا چەند قسەیەکی نا وادەی ئێوە دەبێتە منەت بەسەر کوردو جاڕدانی ململانێیە سواوو کۆن ونەزۆزەکە حیزبییەکە. کوردایەتی منەت و باوکایەتی نییە، کوردایەتی خەبات وقوربانی و شەهید بوونی بێ بەرامبەرە. ئەو سەرۆکەی مەرامە شەخسی وحیزبییەکان نەخاتە ژێر بەرژەوەندی باڵای گەل و توانای دامازراندن و بیناکردنی یەککڕیزی و ئاشتی نێو ڕیزەکانی میللەتی نەبێت ،ئەوا ئەو سەرۆکە هەرگیز ناتوانێ شەڕی بەرگری لە خاک و نەتەوە و مافەکانی بکات. با فێربین چۆن بەها پیرۆزە نەتەوەییەکانمان بپارێزین و نەیانخەینە ناو ململانێ ی بێ مانای تەسکی حیزبایەتی گەر بۆ جارێکیش بێت.